Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.196409

# (زانست و شیعر) لێکۆڵینەوەیەک لە هەوڵە ناکامەکانی موفتی پێنجوێنی بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا (لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە)

**مەهدی فاتیح عومەر**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە و زمان، زانکۆی چەرموو

***Article Info***

Received: November, 2019

Revised:December,2019

Accepted: December ,2019

***Keywords***

زانست، شیعر، لۆجیک، ئامۆژگاری.

***Corresponding Author***

mahdi.fatih@charmouniversity.org

## پوختە

، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاوڕلەو شیعرانەی موفتی پێنجوێنی دەدرێتەوە، کە پەیامن بۆ کۆمەڵگا و هەوڵی هۆشیارکردنەوەیان دەدات و داوایان لێ دەکات بایەخ بە زانست بدەن و چاو لە میللەتانی پێشکەوتوو بکەن و لە ژیانی هاوچەرخ و سەردەم دانەبڕێن، ئەم ئاوڕدانەوەیەیش بۆ ئەوەیە بزانین تا چەند ئەم پەیامانە بە کۆمەڵگا گەیشتوون، ئەگەر نەگەیشتوون هۆکاری ئەمە چییە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ دوو بەش پۆلێن دەکرێت:

بەشی یەکەم: ئاستەکانی پێوەندیی زانست و شیعر، لەم بەشەدا پێوەندیی زانست و شیعر ڕوون دەکرێتەوە و ئەوە دەخرێتە بەر باس، کە تا چەند دەتوانن هاوکاریی یەک بکەن و پەیامی یەکتر بگەیەنن.

بەشی دووەم: پەیوەندی شیعر و ئامۆژگاری، لەم بەشەدا ئەوە ڕوون دەکرێتەوە، ئایا کە شیعر دەبێتە ئامۆژگاری، دەتوانێت حەقیقەت بەرهەم بهێنێت، دەتوانێت فیکر بگەیەنێت؟ ئایا ئامۆژگاری کاریگەرییەکانی لە ڕووکار و سەرسامی و پەند و وتەیەکی بەنرخدا کە کاردانەوەکانی تەنها دەستخۆشی و ئافەرین و جوانت فەرمووە و ئەو جۆرە دەربڕینانەیە، یان کاریگەرییەکانی قوڵ و ڕیشەیین و کاردانەوەکانی بریتین لە گۆڕانی کۆمەڵگا؟

بە گشتی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە:

بۆچی موفتی پێنجوێنی هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا دەدات؟ هەوڵەکانی موفتی پێنجوێنی ئامۆژگارییین یان تیۆرین؟ تا چەند پەیامی موفتی پێنجوێنی دەگاتە کۆمەڵگا؟ هۆکاری شکست یان سەرکەوتنی هەوڵەکانی موفتی پێنجوێنی چیین بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا؟ زانست و شیعر چ پێوەندییەکیان لەگەڵ یەکدا هەیە؟ تەواوکەر یان پێچەوانەی یەکترن؟ ئەمانە و وەڵام بە چەند پرسیارێکی تر.

لە کۆتایشدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستوەتە ڕوو لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## پێشەکی

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاوڕ لەو شیعرانەی شاعیری کورد موفتی پێنجوێنی دەدرێتەوە، کە پەیامن بۆ کۆمەڵگا و شاعیر هەوڵی هۆشیارکردنەوەی بە شیعر و داوا لە خەڵک دەکات بایەخ بە زانست بدەن و چاو لە میللەتانی پێشکەوتوو بکەن و لە ژیانی هاوچەرخ و سەردەم دانەبڕێن، موفتی پێنجوێنی لە ڕێگەی ئەم شیعرانەیەوە دەیەوێت هەم توانای شیعریی خۆی بسەلمێنێت و هەم کۆمەڵگاکەی لە ناهۆشیاری و دواکەوتوویی ڕزگار بکات و بە زانست و پێشکەوتن لە داوی دیلی و ژێردەستەیی و نەزانی خۆی قوتار بکات و بە کاروانی ئازادی و سەرفرازی و خۆشگوزەرانیی میللەتانی دونیا بگات. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاوڕدانەوەکەی ئێمەیش بۆ ئەوەیە بزانین تا چەند ئەم پەیامانە بە کۆمەڵگا گەیشتوون و تا چەند ئامانجەکانی خۆیان پێکاوە و ئەوەی لە پێناویدا نووسراوە گەیشتوەتە جێ؟، خۆ ئەگەر ئەو پەیامانەی**

شاعیر نەگەیشتوون، هۆکاری ئەمە چییە؟، بۆچی ئەم ئامانجانە نەپێکراون؟، بەو هۆیەیشەوە وەک لە ناونیشانی سەرەکیی توێژینەوەکەوە دەردەکەوێت، دەمانەوێ لە ناسنامەی شیعر و زانستەوە دەست پێ بکەین و بزانین ئەو دوو کایەیە خۆیان چین و چی پێکیانەوە دەبەستێتەوە و تا چەند لەگەڵ یەک هەڵدەکەن و دەتوانن هاوکاریی یەک بکەن و پەیامی یەکتر بگەیەننە جێی مەبەست، لەمەیشەوە ویستوومانە لەوە بکۆڵینەوە، ئەگەر ئەو پەیامانەی موفتی پێنجوێنی شاعیر ناکامن کە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و خەڵکی هاوزمان و تەنانەت کەسانی دەوروبەر و دانیشتوانی ناوچەکەی کە بەئاسانی و ڕەوانی و بێ هیچ کێشە و گرفتێک تێی دەگەن و دەزانن شاعیر چی دەوێت، بۆچی ناکامن و ئەو پەیامانە ناگەنە شوێنی خۆیان و هۆکارەکانی چین؟.

## بواری لێکۆڵینەوەکە:

زەمینەی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها دوو لایەنە، لایەنێک شیعرەکانی شاعیر خۆی، کە لە ناو دیوانەکەدا پارێزراون، بەتایبەتیش ئەو شیعرانە مەبەستن کە ئەو پەیامانەی ئاماژەمان بۆ کردن، تێدا دەبینرێت، لایەنێکیش کۆمەڵگای خۆمانە چ لەو زەمەنەی شاعیری تێدا ژیاوە، چ لە زەمەنی ئێستادا وەک واقیعی حاڵ و بەڵگەنەویستی ئەوەی ئاخۆ ئەو پەیامانەی شاعیر بۆ هۆشیارکردنەوە و گەیشتنە کاروانی زانست و پێشکەوتنی گەلان تا چەند ئامانجی خۆیان پێکاوە و تا چەند ئەو واقیعەی ئێستا کە ئێمەی تێدا دەژین ئەوە دەسەلمێنێت، بۆیە تا ئاستێک بواری توێژینەوەکەمان سیمایەکی تیۆری وەردەگرێت و بۆچوون و تێڕامان و ڕەخنەیش شوێنی خۆیان دەکەنەوە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت و ناونیشان:

دەکرێت بە چەند خاڵێک لێرەدا ئاماژە بۆ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت و ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بکەین:

١- کاتێک دەڵێین زانست و شیعر، دەزانین ئەم دوو کایە ڕۆشنبیرییەی مرۆڤ جیان، بەڵام زۆر جار شیعر ویستوویەتی پەیامی زانست بگەیەنێت، بۆیە مەبەستی ئەو لێکنزیکردنەوەیەیان بەو ئامانجەیە بزانین لە کوێدا لێک نزیک و لە کوێدا جیا دەبنەوە و دژن.

٢- زانست و شیعر تێکەڵەیەکن لە ویست و حەزی شاعیر، لە شیعردا چێژ وەردەگرێت و توانای خۆی دەسەلمێنێت و کەرەستەیەکی ئاسانە بۆ خۆی و بۆ گەیاندنی ئەوەی دەیەوێت، لە زانستیشدا تەنها دەیەوێت لایەنداری و خۆشەویستیی خۆی دەربڕێت و خەڵکی بۆ هان بدات.

٣- زانست وەک کایەیەکی پێشکەوتنی مرۆڤ و کۆمەڵگا، هەموو کەس، بە تایبەت شاعیر دەزانێت کە هۆکاری ڕزگاربیە لە دواکەوتوویی و زەلیلی و ژیانی ناخۆش، بۆیە هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە بۆ شوێنکەوتنی ئەو پرسیارەیە، کە بۆچی وێڕای ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە پاڵیاندا ڕۆشنبیران و شاعیران دەزانن زانست هۆکاری پێشکەوتن و ژیانی خۆش و ڕزگاریی مرۆڤ و کۆمەڵگایە، شاعیرێکی زۆری کورد ئەم هەوڵەیان داوە، کەچی هەوڵەکانیان ئاکامێکی وایان نەبوە، کۆمەڵگا لە دەرد و دواکەوتووییەکانی دەرنەهێنراوە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

هەڵسەنگاندنی هەر دوو لایەنی شیعرەکانی موفتی پێنجوێنی و ئاستی گەیاندنی پەیامەکانی بۆ کۆمەڵگا و وردبوونەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی، ئەو تایبەتمەندییە بە لێکۆڵینەوەکە دەبەخشێت، کە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکاری بێت و ئەو دەرەنجامانەی دەمانەوێت لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێیان بگەین، ئەوە هەڵدەگرن کە ئەم ڕێبازە بگرینە بەر.

## گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

گرفتی ئەم لێکۆڵینەوە دەتوانین لە دوو خاڵدا چڕ بکەینەوە:

١- ئەوەی لێرەدا وەک گرفت هەستی پێ دەکەین ئەوەیە، کە موفتی پێنجوێنی ئەو پەیامەی ویستوویەتی بیگەیەنێت لای زۆر شاعیری تر، بە تایبەت شاعیرانی سەدەی بیست وەک (بێکەس، قانیع، ئەحمەد موختار بەگی جاف و پیرەمێرد... هتد) بەدیدەکرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا بە هۆی سنورداریی توێژینەوەکە و تایبەتمەندیی بە شاعیرێکی دیاری کراوەوە، ناتوانین ئاوڕ لە هەموو ئەو شاعیرانە بدەینەوە و تێکستی شیعریان لێوە وەر بگرین.

٢- بە هۆی سەردەمی جیهانگیری و بچوکبوونەوەی دونیا بۆ گوندێک کە هەر شتێک لە لایەکی ڕوو بدا، هەموو دونیا پێی بزانێت، هەروەها پێشکەوتن و بەرهەمەکانی زانست بە زوویی بە هەموو لایەکی دونیادا بڵاو ببنەوە، کۆمەڵگای کوردیش بێ بەش نەبێت لەو بەرهەمانە، بۆیە ئەستەمە سەرەڕای ئەوەی کورد کەم یاخود هیچ پشکێکی لەو بەرهەمە زانستییانە بەرناکەوێت، بەڵام هەر زەحمەتە بتوانین کۆمەڵگای کوردی بە کۆمەڵگایەکی دابڕوا لە زانست و پێشکەوتنی مرۆڤ لە قەڵەم بدەین.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە دوو بەش لەخۆ دەگرێت:

بەشی یەکەم: زانست و شیعر (ئاستەکانی پێوەندیی و جیاوازییان)... لەم بەشەدا پێوەندیی زانست و شیعر ڕوون دەکرێتەوە و ئەوە دەخرێتە بەر باس، کە تا چەند دەتوانن هاوکاریی یەک بکەن و پەیامی یەکتر بگەیەنن، لە کوێشدا لێک جودا دەبنەوە یاخود پێچەوانەی یەک کار دەکەن..

بەشی دووەم: شیعر و ئامۆژگاری. لەم بەشەدا ئەوە ڕوون دەکرێتەوە، ئایا کە شیعر دەبێتە ئامۆژگاری، دەتوانێت حەقیقەت بەرهەم بهێنێت، دەتوانێت فیکر بگەیەنێت؟ ئایا ئامۆژگاری کاریگەرییەکانی لە ڕووکار و سەرسامی و پەند و وتەیەکی بەنرخدا کە کاردانەوەکانی تەنها دەستخۆشی و ئافەرین و جوانت فەرمووە

و ئەو جۆرە دەربڕینانەیە، یان کاریگەرییەکانی قوڵ و ڕیشەیین و کاردانەوەکانی بریتین لە گۆڕانی کۆمەڵگا؟

بە گشتی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە:

1- زانست و شیعر چ پێوەندییەکیان لەگەڵ یەکدا هەیە؟ تەواوکەر یان پێچەوانەی یەکترن؟ ئەمانە و وەڵامی چەند پرسیارێکی تر، بە هیوام ئەو هەوڵەی کە داومانە جێگەی خۆی بگرێت، ئەم کێشەیەی ناساندبێت.

2- بۆچی موفتی پێنجوێنی هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا دەدات؟ ئایا شیعر دەتوانێت ئەم ئەرکە ببینێت؟

3- هەوڵەکانی موفتی پێنجوێنی ئامۆژگارین یان تیۆرین؟ خاسیەتەکانی ئامۆژگاری و تیۆری چین؟

4- تا چەند پەیامی موفتی پێنجوێنی دەگاتە کۆمەڵگا؟ شیعر و کۆمەڵگا چەندە لە پێوەندیدان؟

5- هۆکاری شکست یان سەرکەوتنی هەوڵەکانی موفتی پێنجوێنی چین بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا؟

## بەشی یەکەم

## زانست و شیعر

### ئاستەکانی پێوەندی و جیاوازییان

شیعر کۆنترین فۆڕمی نووسینی مرۆڤە، بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان، مرۆڤ بەر لەوەی هەر تێکستێک بەرهەم بهێنێت، سەرەتا شیعری بەرهەم هێناوە، تێکستە کۆنەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە مرۆڤ بیری لە هەر شتێک کردبێتەوە، بە شیعر دایڕشتوە، کارەسات و جەنگەکانی بە داستانی شیعری تۆمار کردوە، تەنانەت بۆچوونێکی بەهێزیش کە زۆربەی تێکستە ئایینییەکان شیعر بوون یان لە سەر شێوازی شیعر نووسراونەتەوە، بۆ نموو نە ( کۆنترین شیعرێک کە مێژوو ئاگاداری بێ، ئەو شیعرەیە کە نزیکەی ۲۹۰۰ ساڵ پێش مەسیح شاعیری سۆمەری – دینجیری دامو- بۆ –ئینتیهاب- ی خواژنی لیگشی نووسیوە و دەیلاوێنێتەوە و دەڵێ:

داخی گران! گیانم دەتوێتەوە لە حەژمەت شارو گەنجینەکان
داخی گران! گیانم دەتوێتەوە لە حەژمەت شارەکەم جەرسو
(لیگش) و گەنجینەکان
منداڵان لە جەرسوی پیرۆزلە ژیانی هەژاری دان
داگیرکەرگەیشتە ئارامگای هەرە مەزن
قەراڵیچە گەورەکەی لە پەرستگایەوە دەرهێنا
ئەی گەورە ژنی شاری وەک بیابان و پڕترس
کەی دەگەڕێیتەوە!) 1

بەڵگەنەویستە کە لە مێژووی ئەدەبی هەموو گەلاندا شیعر و هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی تر، گۆڕانکاریی زۆریان بە سەردا هاتوە و بەردەوامیش لە گۆڕاندا بوون، هاوکات ئەرکی شیعریش لە قۆناغە جیاجیاکاندا گۆڕانکاریی بە سەردا هاتوە، بەم پێیە ناسنامەی شیعربەردەوام لە گۆڕاندا بوە و بۆچوونی جیاوازی لە سەربوە و هەمیشەیش لە بەردەم ئەوەدا بوە کە پێناسە و ئەرک و پەیامەکانی قورس بێت و جێگەی مشتومڕ و بۆچوونی دژ و پێچەوانە بێت.

بەگشتی شیعر تێکستێکە کە شاعیر دەسەڵاتی بەکارهێنانی زمان و فەنتازیای خۆی تێدا تاقی دەکاتەوە و دەیەوێت دیوێکی مەجازی بە واقیع بدات و ئەوەی بە تێکستێکی تر و شێوازی تر ناتوانێت یان پێی وایە کاریگەر نابێت، لە ڕێگەی شیعرەوە بەیانی دەکات، ئەوەیش لە پێناو بەرهەمهێنانی حەقیقەتێک کە بە ڕێگەی تر ناتوانێت پێی بگات.

### شاعیرلە شیعردا پێی وایە:

١- بەرگریی لە جوانیی ژیان دەکات، جوانییەک کە لە پاڵ هەموو پێداویستییەکانی ژیان، ئەمیش بۆ لایەنی مەعنەویی مرۆڤ پێویستە.

٢- شاعیر لەبەر ئەوە پەنا بۆ میتافۆر و خەیاڵی زمان و لایەنەکانی تری ڕەوانبیژی لە شیعردا دەبات، پێی وایە، بەو شێوەیە دەگاتە تەعبیری قووڵ و فرەمەودا بۆ دۆزینەوەی لایەنی پەنهان و نادیاری دیاردە و ڕووداو و کارەساتەکانی مرۆڤ.

٣- شیعر و ژانرەکانی تری ئەدەب، هەوڵی مرۆڤن بۆ بەرهەمهێنانی چێژ، چ نووسین و چ خوێندنەوەی ڕێگەیەکن بۆ ئەوەی هەستی خۆشیی گەشە پێ بدات و لە ڕێگەی ئیستاتیکیکردنەوە ڕووداو و دیاردە و کارەسات و کێشە فەردییەکانەوە، هاوکات لەزەت و چێژیش برەویان پێ بدرێت.

٤- لە شیعردا شاعیر پێی وایە دەتوانێت تەعبیرلە کێشە و ڕووداو و کارەساتە زاتی و بابەتییەکان بکات، فۆڕمی هونەرییان لێ دروست بکات، بە زمان وێنەی قووڵ و سەرنجڕاکێشیان لە سەر بەرهەم بهێنێت، ئەمە بۆچوونێکی دیاریکراو و ئاراستەیەکی ئەدەبییە کە بۆچوونی وایە، ئەوەی ڕووی داوە دەتوانێت بە شێوەیەکی هونەری تەعبیری لێ بکات و ببێتە ئاوێنەی زات وکۆمەڵ و دەوروبەر.

٥- لە ڕێگەی شیعرەوە شاعیر پێی وایە، لە پاڵ دیوی ئیستاتیکی و چێژ، دەتوانێت ڕوانینێکی زیاتر و بۆچوونێکی جیاواز لە بۆچوونی باو لە سەر دیاردە و ڕووداو وکارەساتەکان دەرببڕێت.

بێگومان ئەم خاڵانە جگە لەوەی دەکرێت درێژ بکرێنەوە و چەندین خاڵی تر ڕیز بکرێن، هاوکات خۆشیان شوێنی تێڕامانی ڕەخنەیین، بەڵام ئێمە لێرەدا بەگشتی ئاماژەمان بەم لایەنانە داوە، کە زۆرترین بیرکردنەوە و گفتوگۆیان ڕووبەڕوو بوەتەوە.

لێرە دێنە سەر ئەوەی ئەی زانست چییە؟. بێگومان زانستیش لقی زۆرە و مێژووی دوورودرێژی هەیە، زانست دۆزینەوە و ئاشکراکردنە، بیرکردنەوەی مرۆڤە لە ژیانی خۆی و پێوەندی بە سروشت و دەوروبەر، لەو زەمەنەی مرۆڤ هەستی کردوە و عەقڵی خۆی بە کار بهێنێت بۆ مانەوە لە سەر زەوی و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان زانست دەست پێ دەکات، لە سەردەمی یۆنانی کۆن و ڕۆماندا، زانست و فەلسەفە لە پێوەندییەکی زۆر نزیکدا بوون

1-دوکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،۲۰۰۱،ل۱۳٦ .

لەگەڵ یەک، دواتر لە سەردەمی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و مۆدێرنیش و لەم سەردەمەیشدا ئەم دوو لایەنە زۆر دوور نەبوون لە یەک و زۆربەی زانایان سیمای فەلسەفی لە بیرکردنەوەیاندا هەبوە، بە تایبەت لەم نێوەدا ناوی زانایانی وەک (فرانسیس بەیکن، جۆن لۆک، ئیمانوێل کانت) دێت... فەیلەسووفی ئەڵمانی (کارل یاسپێرس ١٨٨٣-١٩٦٩) لە بەرهەمەکانیدا سەرنجی خستوەتە سەر ئەم بابەتە، ئەو پێی وا بوو فەلسەفە و زانست نەیار و ناکۆک بە یەک نین، ئەو ڕایەڵانەی پێوەندیی مرۆڤ و پێویستیی مرۆڤ بە هەر یەک لە فەلسەفە و زانست ڕوون دەکردەوە، تێگەیشتنی فەلسەفی لە سەر بەرهەم هێناوە، بە بۆچوونی یاسپێرس (زانینی شتێک لە فەلسەفەدا بە موتڵەقی ئەستەمە، ئەمەیش لایەنیکی پۆزەتیڤی فەلسەفەیە و کراوەیی و ئازادی ئەم کایەیە دەردەخات، نەبوونی دوا دڵنیاییە بوەتە پێناسی فەلسەفە و خۆلادان لە وەڵامی ئامادە و سنووردار و داخراو )2 ئەفلاتوون پێی وابوو (چاکەی باڵا زانستە)3 دواتر ئەرستۆ (یەکەم پۆلێنی لە زانستدا داهێنا، بەم شێوەیە:

لۆجیك، شێوازی بەکارهێنان لە تەواوی زانستەکاندا.

زانستی تیۆری، ئارەزوو بۆ زانینی باڵا، سروشتی: بیرکاری، فیزیا، ژینگەناسی، دەروونناسی، ئەودیوسروشت (فەلسەفەی یەکەم).

زانستی کارایی، ئارەزوو بۆ زانین وەك هۆکاری بەڕێوەبردن، یان کردار: ئەخلاق و سیاسەت.

زانستی بەرهەمهێنان، ئارەزوو بۆ زانینێك کە لە دروستکردنی شتە بە سوودەکان، یان جوانەکاندا بە کار بێت.)4

ئەوەیش وەک ئاماژەیەک بەوەی کە هەر لە سەرەتاوە پێوەندیی زانست و فەلسەفە بەتین بوو، نێوانیان زۆر نەبووە، بەڵام کە لە سەدەی شانزە و حەڤدەدا، فەلەسەفە بەتەواوی بۆ کێشە وجودییەکانی مرۆڤ و ئەخلاق و پرسیار لە چۆنێتیی ژیانکردن و ئازادی و بابەتەکانی پێوەست بە تێڕامان لە پێوەندی مرۆڤ بە یەکتر و گەردوون تەرخان بوو، زانستیش بە تەواوی تەرخان بوو بۆ دۆزینەوەی یاساکان کە لە ناو سروشتدا بە ڕێوە دەچن، خۆتەرخانکردنێک لە سەر ئەو گریمانانە کە لە سەرنج و ڕامان لە چۆنێتیی کاری دیاردەکانەوە دروست دەبێت، دواتر بە تاقیکردنەوە ئەم گریمانانە لە ژێر دۆخی کۆنترۆڵکراو و چاودێریکراودا هەڵدەسەنگێنرێن و تاقی دەکرێنەوە،زانستەسروشتییەکان، بە دیاردەکانی سروشتەوە سەرقاڵ دەبن و یاسای جووڵە و کارکردنیان دەدۆزنەوە، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لە ئاکاری مرۆڤ و بابەتی ژیان و کۆمەڵایەتیبوونی دەکۆڵنەوە، هەر یەک لەم دوو زانستەیش بۆ چەند پۆلێک دابەش دەبن و هەر یەکەیان پسپۆڕیی خۆی هەیە، ئەو سەردەمەی زانست لە مێژوودا بە شۆڕشی زانست ناسراوە بۆ سەدەکانی ١٦ و ١٧ دەگەڕێتەوە، کە لە لایەن مێژوونووس و فەیلەسووفی ڕووسی (ئەلسکاندەر کویری ١٨٩٢-١٩٦٤)5، ئەم ناوەی بەسەردا براوە.

لەم سەرەتا خێرایەوە بۆ زانست و شیعر (ئاستەکانی پێوەندی و جیاوازییان) دەمانەوێت بەرەو ئەوە بچین، پێوەندیی زانست و شیعر ڕوون بکرێنەوە و ئەوە بخەینە بەر باس، کە تا چەند دەتوانن هاوکاریی یەک بکەن و پەیامی یەکتر بگەیەنن، لە کوێیشدا لێک جودا دەبنەوە یاخود پێچەوانەی یەک کار دەکەن.

## زانست و شیعر-ئاستەکانی پێوەندی:

زانست و شیعر لەوێدا دەتوانن هاوکاری یەک بکەن، کە یەکتر کەشف بکەن، شیعر بە خەیاڵی زانستییە ڕاستییە زانستییەکانی کە هێشتا پەییان پێ نەبراوە ئاشکرا بکات، یارمەتیی تیۆرە زانستییەکان بدات بۆ زیاتر خستنەڕووی نهێنی مرۆڤە خوو و ئاکارە ئاڵۆزەکان، زانستیش لەوێدا دەتوانێت بە تەنگ شیعرە بچێت، کە بتوانێت خۆی نوێ بکاتەوە، وێنەکان بگۆڕێت بۆ داهێنان، زمان و خەیاڵ و ئیستاتیکا لە خزمەت گەیاندنی مانا و حەقیقەتدا بن، بە کورتی زانست و شیعر لەم خاڵانەدا هاوبەش و هاوکاری یەکن:

١- هەردووکیان گوزارشتن لە هۆشیاریی مرۆڤ.

٢- هەردووکیان مێژوویەکی دێرینیان هەیە و لە سەرەتاکانی بەکۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤەوە دەرکەوتوون.

٣- شیعر بە خەیاڵی زانستی دەتوانێت وێنای هەندێ لە ڕاستییە زانستییەکان بکات و یارمەتیی زانست بدات.

٤- شیعر بە گوزارشتکردن لە ناخی مرۆڤ و دەرخستی کۆمەڵێ لایەنی نەست و ڕەفتاری شاراوەی مرۆڤ، دەتوانێت هاوکاریی زانستی مرۆیی و دەروونناسی بکات و لە دۆزینەوەکاندا چاوساغ بێت.

٥- زانست دەتوانێت لە ڕاستکردنەوەی پێوەرەکانی شیعر هاوکاری شیعر بکات، زمان و خەیاڵ بخاتە سەر ڕێتمێکی داهێنەرانە.

٦- زانست دەتوانێت، چەمکەکان و پێوەرەکانی شیعر ڕوون بکاتەوە لە خراپ بەکارهێنان بیانپارێزێت.

## زانست و شیعر- ئاستەکانی جیاوازییان:

زانست و شیعر لە کۆمەڵێک ئاستدا لە یەک جیاوازن، هەر یەکەیان بە ڕێگەیەکدا دەڕوا، کەرەستەکانیان جودان، پەیام و ئامانجیان لە یەک جیاوازن، تەنانەت هەندێ جار پێچەوانەی یەک دەجوڵێنەوە، دەبنە ڕێگری یەک، بە یەکەوە هەڵناکەن، لێرەدا دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی دەستنیشانی ئەم چەند خاڵە لە جیاوازییەکانی هەردوو کایەی شیعر و زانست بکەین:

2- کارل یاسبرز، تاریخ الفلسفه بنظرة عالمیة، نقله إلى العربیة وقدم له: الدکتور عبدلغفار مکاوی. دار الثقافه للنشر و التوزیع، القاهرة، ٢٠٠٧،ص ٤١.

3- ت.ز.لاڤینم، از سقراط تا سارترفلسفه برای همه، مترجم:پرویز بابایی ، نوبت چاپ: 5 ،سال چاپ: 1391، تهران ،ص٢١.

4- ت.ز.لاڤینم، از سقراط تا سارتر فلسفه برای همه، ص ٩٠.

5- ئالکساندر کوری، فەیلەسووف و مێژوونووسی زانستی ڕووسییە، ساڵی ١٨٩٢ لە ڕووسیا لە دایک بووە، چوەتە فەرەنسا لە زانکۆوانەی گوتوەتەوە، لە زۆربەی بوارەکانی پێوەست بە زانست و فەلسەفە توێژینەوەی هەیە، ساڵی ١٩٦٤ لە فەرەنسا مردوە: بڕوانە: ویکیبیدیا العربیة.
https://ar.wikipedia.org/wiki/

١- زاست دۆزینەوە و ئاشکراکردنە، بەڵام شیعر گوزارشتکردن و خستنەڕووە.

٢- زانست خۆنزیککردنەوە و کارکردنە لەگەڵ گریمانەکان، شیعر هەوڵە بۆ گەیشتن بە موتڵەق.

٣- زانست بۆ گەیشتنە بە پلەیەکی باڵای هۆشیاری، شیعر گەیشتنە بە پلەیەکی باڵاتر لە چێژ.

٤- پەیامی زانستی بە شێوەی خۆی ڕەواندنەوەی مەترسییەکە لە سەر مرۆڤ، شیعر هەندێ جار لەززەتە لە مەترسییەک.

٥- زانست پەلهاویشتنی مرۆڤە بۆ دەرەوەی خۆی، کرانەوەیە بەڕووی پانتاییی زیاتردا، بەڵام شیعر خۆخواردنەوە و داخستنە بە رووی ناوەوەی مرۆڤدا.

٦- زانست بە شوێن بەڵگە و سەلماندنەوەیە، بەڵام شیعر خۆی وەک ڕاستیی حاشاهەڵنەگر پێشکەش دەکات.

## ئامانج-هاندان:

دوای دەستنیشانکردنی ئاستەکانی پێوەندی و جیاوازی شیعر و زانست و ڕوونکردنەوەی چەند خاڵێک لەو بارەیەوە، دەپرسین، ئایا شیعر و زانست دەتوانن ببنە هۆکاری هاندان بۆ یەکتر و یەک ئەوی تر پێش بخات و شیعر مرۆڤ وا لێ بکات شوێن زانست بکەوێت؟، بگەڕێت و پێش بکەوێت، بخوێنێت و بە کاروانی پشکەوتنی گەلان و شارستانی گەشەکردوو بگات؟، لەو بارەیەوە ئاوڕ لە شاعیرێکی کوردی سەدەی بیست (موفتی پێنجوێنی) دەدەینەوە بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێین.

## موفتی پێنجوێنی:

مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی (1881- 1952)، لە سەدەی بیستەمدا کە قۆناغی شیعری کوردی پێدەنێتە قوتابخانەی ڕیالیزمەوە شیعر دەنووسێت، قۆناغێک کە بە هۆی هاتنی سوپا و هۆشیاریی ڕۆژئاواوە، بە سەردەمی ڕابوون و پێشکەوتن و ڕووکردنە زانست دەناسرێت، ئەو لە تەمەنی 7 ساڵیدا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردوە، دواتر چەند شارێکی کوردستان بۆ خوێندن گەڕاوە. یەکەم شیعری لە 1936دا لە گۆڤاری ژیاندا بڵاو کردوەتەوە. لە 1946دا پێوەندیی بە کۆماری کوردستانەوە کردووە.6

لەو سەردەمەدا موفتی پێنجوێنی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە، هانی خەڵک دەدا بۆ خوێندن و ڕووکردنە قوتابخانە، تا کورد لە کاروانی پێشکەوتنی گەلان دانەبڕێت، با لەم چەند دێڕە شیعرە بڕوانین:

من ئەزانم سێبەری مەکتەب ئەساسی ژینمە
حورمەتی خاکی وەتەن، ڕوکن و حەساری دینمە7
* * *
هەر بەتیفلی فێری سنعەتیان نەکردین پێی بژین

تەقنە و سواڵیان نیشان داین، بۆیە ماڵوێرانە کورد
نوێژ و ڕۆژو بوو بەکارمان فیکری عیلمی بێسەمەر
بۆیە ئێستەش هەرخەریکی سواڵی ناو کوچانە کورد8
* * *
میللەتی غەربی بە حیکمەت چوونە سەرقەسری هەوا..
تازە کەی ڕۆژی دەف و زرک و خرۆشی هووهووە9
* * *
عالەم بە سنعەت چوون بۆ ئاسمان
تازە تۆ ئەگریت بۆ ئاخر زەمان؟10
* * *
وەها چاکە لەمەولا ڕوو لە زانست کەی لە زۆر وکەم
بەسەرچوو خزمەتی تەپڵ و دەف و شانە و قژ و پەرچەم
ئەبێ یەک ڕێگە بۆ بەرزی وەتەن بگرن بە دەستی چەم
لەسەرتان بەشکە زووڵاچێ تەمی جەهل و مەراق و خەم
لە کوێ سەرکەوتنی غەربی بە دووعا و کردنی نوێژە11
* * *
عیلمی عەسری تازە ڕۆحم بێ بە قوربانی شوکور
گشت خەرافات و هەموو جەهلی بە جارێ کوشتوە.12
* * *
بخوێنە برا، خوێندنە پشت و قوەتی تۆ
بێعیلمییە هەرکەس کە کز و پەست و ڕەجاڵە
هەرکۆمەڵەیەک دوورە لە تەحسیل و لە خوێندن
مورغێکی برینداری شەلی بێپەڕوباڵە13

دیارە لەم قۆناغەی شیعری کورددیدا، تەنها موفتی پێنجوێنی ئەم پەیامانەی بە شیعر دەرنەبڕیوە، بەڵکوو لە ناو شیعری چەندین شاعیری تری ئەم سەردەمە لەم جۆرە شیعرانە هەن، قانیع دەڵێت:

زۆر بێ خەبەرین ئێمە لە ئەوزاعی ویلایەت
بێ خوێندن و بێ سەنعەت و تەفکیر و درایەت
عالەم هەموو سەییاحی سەماوات و ببحارن
ئێمەش کە بە هۆی جەهلەوە وا بوینە حیکایەت14

لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و بێکەس و زێوەر و پیرەمێرد و ئەحمەد موختار بەگی جاف و چەند شاعیرێکی تر، نموونەی زۆرترمان لەم پەیامانە دەست دەکەوێت، بەڵام هەر هێندە بە هۆی سافیی مانا و بێگرێوگۆڵ لە گەیاندنی پەیامەکەیان و ئەو وشە و دەربڕینە ئاسانانە بەسن بۆ ئەوەی بڵێین تەنها بەو چەند

6بڕوانە: دیوانی موفتی پێنجوێنی (مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦.

7- دیوانی موفتی پێنجوینی، ل ١٣٤.

8- دیوانی موفتی پێنجوینی، ل٩٥.

9- دیوانی موفتی پێنجوینی، ل ٨٠.

10- دیوانی موفتی پێنجوینی، ل٢٠٨.

11- دیوانی موفتی پێنجوێنی، ل٧٨.

12- دیوانی موفتی پێنجوێنی، ل ٨٠.

13- دیوانی موفتی پێنجوێنی، ل١٠٥.

14- دیوانی قانع، کۆکردنەوەی: بورهان قانع، بڵاوکەرەوەی پانیز، چاپخانەی داڵاهۆ، تاران، ٢٠٠٥، ل٥٨٢.

دێڕە پەیامەکان گەیشتوون و لێرەیشەوە دەمانەوێت، بە شوێن ئەو پرسیارانەوە بین کە لە پێشەکیی ئەم باسەدا خستمانە ڕوو.

شیعر لای ئەم شاعیرانە، بوە بە ئامراز و دروشم و هۆکار بۆ ئامانجگەلێك لە دەرەوەی کایەی شیعر، خەمی ئەمانە زیاتر خەمی پێشکەوتنی وڵات و ڕزگاربوون لە دواکەوتوویی و ژێردەستەیی و هۆشیارکردنەوەی خەڵك بوە. ئەو شاعیرانە هەوڵ دەدەن، شیعرنووسین بکەنە کەرەستە و ئامرازێك، بۆ تەعبیرکردن لە خەون و ئامانج و هۆشیاریی گشتی. بەم هۆیەیشەوە زمان و شێوازی دەربڕینیان تا ئێستا زۆر سادە دەبێتەوە کە نزیکە لە قسەکردن و ئاخاوتنی ڕۆژانەوە.

موفتی پێنجوێنی و ئەو شاعیرانەی تر، زیاتر لە نیو سەدەیە کۆچی دواییان کردوە، پێویستە بپرسین، دوای ئەم هەموو ماوەیە و هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا چەند لەم پەیامانە گەیشتوونە جێ و ئامانجی خۆیان پێکاوە؟

## بەشی دووەم

## شیعر و ئامۆژگاری

موفتی پێنجوێنی کاتێک بە زمانێکی سادە و ڕەوان دەنووسێت (لە ڕێی مەکتەب سەرم دانێم ڕەوایە... عالەم بە سنعەت چوون بۆ ئاسمان.. من ئەزانم سێبەری مەکتەب ئەساسی ژینمە.. گەر خودا حەز کا لەمەولا، ڕوو بە ڕووناکی دەچین.. لە کوێ سەرکەوتنی غەربی، بەدووعا و کردنی نوێژە؟.. عیلمی عەسری تازە، ڕۆحم بێ بە قوربانی شوکور.... بخوێنە برا، خوێندنە پشت و قوەتی تۆ و... هتد). دەیەوێت پەیامی شیعر لە جۆرێک لە ئامۆژگاریدا کورت بکاتەوە، بەم ئامۆژگارییانەیش خەڵک و مرۆڤی چواردەور و شار و وڵاتەکەی هان بدات، بخوێنن، بە خوێندن هۆشیار ببنەوە، بە هۆشیاربوونەوەیش پێش بکەون و لە کاروانی ژیانی شایستەی گەلان دانەبڕێن و لە دیلی و دواکەوتوویی و ژێردەستەیی بێنە دەرو ئازاد بن، ئەم پەیامانەیش وەک باسمان کرد، تەنها لای ئەم شاعیرە نابیسترێت، بەڵکوو لای کۆمەڵێک شاعیری تری سەدەی بیست هەیە.

شیعری کوردی بە تایبەت و بە دیاریکراوی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، ناوەرۆکێکی تایبەتی هەیە، ئەویش هاندانی خەڵکە بۆ شوێنکەوتنی خوێندن و زانست، لەم سەردەمەدا نەک هەر لە ناو کورددا، بەڵکوو لە ناو کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵات بەگشتی، زانست و توانایی مرۆڤی خۆرئاوا دەبێتە جێگەی سەرسامی و بۆ زانست و پێشکەوتن سرود و پێداهەڵدان دێتە کایەوە، لە کاتێکدا بەڕاستی و بەوردی نازانێت کرۆک و جەوهەری زانست چییە و چاوگەکانی دروستبوون و خوڵقانیان چین. ئەم سەرسامی و تێڕوانینە شۆکئامێزە بۆ توانای زانستیی خۆرئاوا، جۆرێک لە تێڕوانینی مەعریفە و زانین دروست دەکات، کە دەبێتە شوێنکەوتن و پاشکۆیەتی، ئەوەی چالاک دەبێت تەنها وەرگرتن و کەڵەکەکردنی زانستە، بە بێ ئەوەی ئەو جۆرە هۆشیارییە هیچ جۆرە زانستێک بەرهەم بهێنێت، بە بێ ئەوەی ئەو جۆرە سەرسامییانە بۆ زانست و توانایی مرۆڤی زانستیی خۆرئاوا ببێتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر عەقڵیەتی خورافی و دواکەوتوو لە کۆمەڵگەدا، بێ ئەوەی ئەو جۆرە هاندانە بۆ خوێندن و شوێنکەوتنی زانست، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە سەر هزری سیاسی چەقبەستوویی کۆمەڵایەتی و چاوگە ئایینییەکان بۆ ئەخلاقی مرۆڤ و سیستماتیککردنی ژیانی هەبێت، لە کاتێکدا ئەو زانست و پێشکەوتنەی سەرسامی ببوو، بەو ڕێچکەیەدا ڕۆیشتبوو... لە بری ئەمە و دیتنەوەی ئەم سیمایانە، زانست تەنها وەک چەکێک لێی دەڕوانرا کە دەکرێت ڕۆڵی فریادڕەسێکی ئەفسانەیی بگێڕێت، ئەگەر نەتەوە ژێردەست و داگیرکراوە، دەکرێت زانست لەو تەوقانە ڕزگارمان بکات و نەتەوەیەکی قارەمان و بەهێز دروست بکات، بە شێوەیەک بتوانێت چۆک بە دوژمنانی دابدات... واتە بە ئاشکرا ئەم ئەرکە ئایدیۆلۆژییانە بە زانست دەدرا، نەک ئەوەی کارێکی هزری بێت و جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤ بگۆڕێت. ئەو ئەرکە سیاسییانەی بە زانست دەبەخشرا، ئەو کایەیەی لە جەوهەری خۆی بەتاڵ دەکردەوە، بۆیە دەبینین سەرەڕای تێپەڕینی دەیان ساڵ بە سەر ئەو جۆرە تێڕوانینانەدا، نە کورد بەتەواوی و بە شێوەیەکی گشتی نە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی لە کۆمەڵگای بەربخۆرەوە بوون بە بەرهەمهێن و توانیویانە ڕووبەڕووی عەقڵی چەقبەستوو و زاڵی دینی و سیاسی ببنەوە و گەشەکردنی زانست هاوتای گەشەی وڵاتانی پێشکەوتوو بێت.

لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا، گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکان دۆخێک بۆ کورد لە کوردستان ساز دەکەن، سەرەڕای داگیرکاری و ژێردەستەیی، کورد هیچ پێگە و پشتیوانێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی نامێنێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە هەڵوێستوەرگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و شوناسەکانی تردا بەتایبەت داگیرکەران، کورد ڕەوایەتیی بە خۆی دەداتەوە و دەیەوێت ئەو پەیامانەی لە شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمانە دەخوێنرێنەوە، بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە ببەستێتەوە. ئەمەیش لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان و پاشان ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە دی دەکرێت، شاعیرانی وەك حاجی قادر، پیرەمێرد، قانع، ئەحمەد موختار جاف، فایەق بێکەس، دڵدار، هێمن و هەژار درک بەو ئاڵوگۆڕە گەورانە دەکەن و دەیانەوێت لە ڕێگەی پەیامی زانستەوە، پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی، بە شێوەیەک لە شێوەکان بە فۆرمی پێشکەوتنی مۆدێرنەوە ببەستنەوە، لەم کاتەیشەوە گرنگی خوێندن و زانست لە شیعری ئەو شاعیرانەدا سەری هەڵدا.

شیعر و ئامۆژگاری لەم جۆرە شیعرانەدا بە جۆرێک تێکەڵی یەک دەبن، کە لە ڕێگەی شیعرەوە پەیامی شاعیر دەگەیەنرێت، هانی خەڵک دەدرێت شوێن خوێندن و زانست بکەون، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا کە شیعر دەبێتە ئامۆژگاری دەتوانێت حەقیقەت بەرهەم بهێنێت؟ دەتوانێت فیکر بگەیەنێت؟ ئایا ئامۆژگاری کە لێرەدا بە شیعر کاری لە سەر کراوە، کاریگەرییەکانی لە ڕووکار و سەرسامی و پەند و وتەیەکی بەنرخدا کە کاردانەوەکانی تەنها دەستخۆشی و ئافەرین و جوانت فەرمووە و ئەو جۆرە

دەربڕینانەیە، یان کاریگەرییەکانی قوڵ و ڕیشەیین و کاردانەوەکانی بریتین لە گۆڕانی کۆمەڵگا؟

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت، ئەوەی موفتی پێنجوێنی و شاعیرانی تر هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا دەدەن، لە کاتێکدا لەم ئاستەدا شیعر ناتوانێت ئەم ئەرکە ببینێت و ئەم پەیامە بگەیەنێتە جێی مەبەست، چونکە هەوڵەکانی موفتی پێنجوێنی و شاعیرانی تر بە شیعر و ئامۆژگارین نەک تیۆرین ،خاسیەتەکانی ئامۆژگاری و تیۆری ئاشکرایە، ئامۆژگاری لە زارەکی و بابەتی گشتی و فرە ئاستییەوە نزیکە بەڵام تیۆر، تایبەتمەندی و ڕەسمی و توندوتۆڵە، ئامۆژگاری لە بابەتی کۆمەڵایەتیی هەڵە و نەسەلماو و خووپێوەگرتنەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام تیۆر بابەتی سەلمێنراو و تاقی کراوە و هەڵسەنگێنراو دەگرێتەوە.

شیعرەکانی موفتی پێنجوێنی و شاعیرانی تر کە ئەم پەیامانەیان هەڵگرتوە پتر ئامۆژگارین نەک تیۆری، بۆیە تەنها لە ئاستی چێژ و وورووژاندن و تاقیکردنەوەی توانایی شاعیر دەردەکەون، نەک کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵگا و جووڵاندنی خەڵک بە ئاراستەی ئەو پەیامانەی شاعیران، بۆیە دەتوانین بڵێین، پەیامی موفتی پێنجوێنی و شاعیرانی تر کاریگەرانە نەگەیشتوونەتە کۆمەڵگا شیعر و کۆمەڵگا لەم ئاستەدا لە پێوەندییەکی دیالێکتیکیدا نەبوون، سەرەڕای زۆری هۆکارەکان دەتوانین شکست و سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی موفتی پێنجوێنی و شاعیرانی تر بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لەم چەند خاڵەدا ڕوون بکەینەوە:

### ١ - لە پەیامەوە بۆ دروشم:

ئەم پەیامانەی موفتی پێنجوێنی و شاعیران سیفەتی دروشمیان وەرگرتوە، چونکە زیاتر بە شێوەی خوتبە دەربڕاون، کردنی زمانی پەیام بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بە دروشم، کوشتنی هەموو بنەما فیکرییەکانی ئەو پەیامانەیە، خوتبە بریتییە لە داواکاری، یان کۆمەڵێک داواکاری تێدا ئاراستە دەکرێت، داواکاریی بێ فیکریش سیفەتێکی ناچالاکی هەیە، هەمیشە ئەوەی داوا دەکات، تەنها دەخوازێت بێ ئەوەی کاریان بۆ بکات یان زەحمەتە هەوڵیان بۆ بدات، بۆیە داواکاران لێرەدا بکەر نین، پاسیڤ و لەکارداماڵراون، بە شێوەیەکی خودکار داواکاریی بێ هەوڵ دەبێتە جۆرێک لە دروشم. بەدڵنیایی دروشمیش پەیامێکی بێ قورسایی و ناوەرۆکە، یان ناوەرۆکێکی سەنگینی نییە، چونکە دروشم هەمیشە پەیام لە ئاستی زارەکی و قسەدا دەهێڵێتەوە و نایگۆڕێت بۆ کردار، بێ هۆ نییە زۆربەی ئەو پەیامانەی ئەو شیعرانەمان لا جوانن، بێ ئەوەی بەرەو کردار هانمان بدەن، یان تەنانەت بێ ئەوەی ماوەیەکی زۆر کارمان تێ بکەن، بۆ نموونە وەک لە شیعری(عەیبە)دا دەڵێت:

عەیبە شاعیر لەم زەمانە یاری زوڵف و شانە بێ
یا سوپاسی قامەتی گوڵزاری ڕووی جانانە بێ
هەرکەسێ لاڤی ئەدیبی وا لەسەریا بۆ تەماع
حەیفە ئەشعاری خەرافی، یا قسەی ئەفسانە بێ15

### ٢ - شیرینکردنی پەیامەکان:

شاعیران بە ڕەوایەتیدان بە پەیامەکانیان، هەوڵی شیرینکردنی ناوەرۆکیشیان دەدەن، شیرینکردن:

أ- سیفەتی پەندئامێزی هەیە، هەر بەو لۆژیکەیش لێی دەڕوانرێت، لەو شیعرانەدا ڕستەی کورت و سادە هەیە کە هیچ بیرکردنەوە هەڵناگرێت، ئەو ڕستانە وەک پەند پێشکەش دەکرێن، پەندیش ئەزموونی خەڵکی تر یان مرۆڤی سەردەمی تر دەگێڕێتەوە، تەنها کاری گوتنەوەیە و سەرسامییە و هیچی تر.

ب- پەیامی شیرین و دڵپەسەند، ڕەخنە هەڵناگرێت، نایەت بسەلمێنرێت، شیاوی هەڵسەنگاندن نییە.

پ- پەیامی شیرین و وتەی پەندئامێز پێویستی بە بیرێکی ورد و قوڵ نییە، چونکە لە بناغەوە بیری لێ ناکرێتەوە، بەڵگە بۆ سەلماندنی ناهێنرێتەوە، خۆی وا دەخاتە بەر چاو، ئەرگۆمێنت و هۆکار و دەرەنجام و هەموو شتێکی سەنگینە.

ت- پەیامی شیرین و پەندئامێز، دۆخێکی دەروونی دروست دەکات کە نەتوانی دیدێکی ڕەخنەییت بۆی هەبێت، هەڵی سەنگێنیت و ڕەتی بکەیتەوە، چونکە وەک حیکمەت خۆی دەخاتە ڕوو، کە حیکمەتی پەیام ئاراستەکراویش نا، بەڵکوو حیکمەتی خەڵکی ترە و وەک سارێژی دەرد و برینەکان دێتە پێش، بۆ نموونە وەک لە شیعری(خوێندن) کە لە ساڵی(١٩٣٦) دایناوە دەڵێت:

مەکتەب ژیانی میللەتە   باخی حەیات و وەسڵەتە
بۆ ئەهلی دنیا جەننەتە   هەرکەس نەچێ بێهیممەتە

تا دەگاتە:

ئەی کورد ئەگەر تۆ ئاقڵی   وەک بولبولی شەیدای گوڵی
بۆچی لە مەکتەب غافڵی   زانست بە پیری زەحمەتە16

### ٣ - سادەکردنەوە:

سادەکردنەوەی پەیامەکان لە بنەڕەتدا یاخود بە ئاشکرا بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتنە، ئاسانکردن بۆ؟ ئاسانکردن ڕاستییەکەی گوزارشتە لە بەبنبەستگەیشتنی پرۆسەی تێگەیشتن، کە شتەکان ئاسان دەکرێنەوە، واتە وەك خۆیان تێیان ناگەین، سادەکردنەوە وا دەکات گەشە بە هزر و بیرکردنەوەمان نەدەین، بەڵکوو ئەو پەیامانە و ناوەرۆکیان بە پێوەری مێشك و بیرکردنەوەی خۆمان ئاسان بکەینەوە، بەمەیش ڕاستەوخۆ ئایدیاکان لە ناوەڕۆك دەخەین، تەنها فۆرمێکی دروستکراویان دەهێڵینەوە، جەوهەری زانستەکان دەکوژین، تەنها بە قاوغەکانیانەوە دەگیرسێینەوە، لەم نێوەدا ئەوەی سادەکردنەوە دەیکات تێگەیشتنێکی ساختەیە، یان بەیانکردنی تێنەگەیشتنە. بە سادەکردنەوە، جیهان وەک خۆی و بەتەواوی نابینین.

15 - دیوانی موفتی پێنجوینی، ل98.

16 - دیوانی موفتی پێنجوینی، ل١٢٧.

سادەكردنەوەی پەیامەكان سەر دەكێشێت بۆ سادەكردنەوەی تیۆر و ئایدیاكانی خوێندن، بەڵام ئیشی سادەكردنەوە، كە زۆر كەس بە باشی دەزانێت مەترسیدارە، سادەكردنەوە وای كردوە رووبەرێكی زۆر لەم جیهانە بە فەرامۆشكراوی و نەبینراوی بمێنێتەوە، سادەكردنەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە كە وێنەیەكی ساختە و درۆینەی ئەم جیهانە لە زەینی خۆماندا دروست دەكەین و وا لە خۆمان و ئەوانی تر دەگەیەنین جیهان هەر ئەمەیە، لەوەیشەوە بە ئاسانی بڕیار لە سەر زانست و دونیا دەدرێت، سادەكردنەوە واتە ناتەوێ ئەو جیهانەی كە ئاڵۆزە، ببینیت و دەیسڕیتەوە، ئەو زانست و تیۆر و ئایدیایەی كە درككردن پێی ناوێرێ لە بەر چاوت لای دەبەی، هەموو ئەو شتانەی بە ئاسانی دەرك ناكرێن بەو شێوەیەیان لێ دەكرێ، تا بە ئاسانی بچنە ژێر ركێفی بڕیار و بیركردنەوە خێرا و سادەكانەوە، بۆ نموونە وەک لە شیعری(ئامۆژگاریی كچەكەم) كە ساڵی(١٩٤٠) دایناوە دەڵێت:

كچم با نەختێ تۆش وەكوو كاكت

ئامۆژگاریت كەم بۆ ڕێگەی چاكت

زانین بۆ ژیان لە واجباتە

بێ تەعلیم بەشەر وەک حەیواناتە17

یاخوود لە شیعری (خوێندنی كچ) دا دەڵێت:

جاران ئەیانوت لە زەمانی زوو

گەر كچ بخوێنێ، زوو ئەبێ بەدخوو

بەهۆی نووسینی نامەی پەنهانی

دێنێتە بەرهەم سەد دۆستی گیانی18

## ٤- بەردەوام دووبارەكردنەوە:

یەكێک لە خاڵە نێگەتیڤییەكانی ئەو پەیامانە، كە وای كردوە نەگەنە جێ، بەردەوام دووبارەكردنەوەیان بوە بە یەک شێوە، موفتی پێنجوینی و بێكەس، قانیع و ئەحمەد موختار بەگی جاف و حاجی قادری كۆیی و ئەوانی تر بە هەمان وێنە و هەمان پەیامەوە ئەو داواكارییانەیان لە خەڵک هەیە، بێ ئەوەی بتوانن فۆرمی گوتن و شێوازی گەیاندن بگۆڕن، ئەمەش وەک سەرچاوەی چێژێک لە گەیاندنی ئەو پەیامانە كاری لەگەڵ كراوە. بووەتە جۆرێک لە حەماس و جوڵە و جۆشوخرۆش. ئەم دووبارەكردنەوە بەردەوامە بە یەک فۆرم و ئەدا و بەریەككەوتنەوە، ئەو بۆشاییەی پڕ كردووەتەوە كە بۆچی ئەو پەیامانە ناگەنە جێ، واتە هەر چەند ئێمە بە گوێی ئەو پەیامانەیش ناكەین، بەڵام هەر وەک میللەتێكی خوێندەوار و بایەخدەر بە زانست لە خۆمان بڕوانین، واتە ئەم بەردەوام دووبارەكردنەوەیە وا دەكات كەموكوڕی پرۆسەكە نەبینین یان گوێی پێ نەدەین و بیر نەكەینەوە ناتەواوییەكە لە كوێدایە، لەوەیش خراپتر بەردەوام دووبارەكردنەوەی پەیامەكان زۆر جار ئەوەی خراوەتە سەر كە بیانوو بۆ نەگەیشتنی پەیامەكان و بەكردارنەبوونیان بهێنینەوە. بێگومان زۆر گوتن و بەردەوام گوتنەوەی شتێک زۆر جار حەقیقەتی ئەو شتە دەشێوێنێت و پەردەیەک بە سەر ئەو واقیعەدا دەكێشێت تا بینینی ئاسایی زەحمەت بێت. واتە بە بەردەوام دووبارەكردنەوەی پەیامێك، خۆبەخۆ دەبێتە میكانیزمی شاردنەوە و داپۆشینی ئەو واقیعەی لێی دەدوێ، بۆ نموونە موفتی پێنجوێنی لەو شیعرەیدا كە پێنجخشتەكییەكە لەسەر شیعرێكی ئەحمەد موختار جاف دەڵێت:

هەتا كەی یا حسام الدین و سۆزی یا عومەرتانە

ئەگەر وا بێخەبەر بن، باعیسی ژینی خەتەرتانە

هەموو دنیا ئەزانێ ئێوە هەر شێری نەفەرتانە

لەخەو هەستن درەنگە میللەتی كورد خەو زەرەرتانە

هەموو تەئریخی عالەم شاهێدی فەزڵ و هونەرتانە19

یاخوود لە شیعری (نەبەردی)دا دەڵێت:

بۆ نەبەردی و چاونەترسی فەوقی سەد ئەڵمانە كورد

بۆ شەڕ و دەعوای حەقیقەت شێری رووی مەیدانە كورد

بەحسی ئازایی هەتا ساڵێک بنووسم هەر كەمە

من ئەزانم چی بنووسم بایی سەد چەندانە كورد20

## ٥- پاشخانی ئایینی:

موفتی پێنجوێنی و زۆربەی شاعیرانی تری كورد لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستدا كە بە شیعر جاڕی خوێندن و ڕووكردنە زانست دەدەن، خۆیان یان مەلان بوون، یان لە فێرگە ئایینییەكاندا فێری خوێندنەوە و نووسین بوون، زۆربەیان ئیجازەی مەلایەتییان وەرگرتوە و لە حوجوە و تەكیە و خانەقا و مزگەوتەكاندا خوێندوویانە و وانەیان گوتووەتەوە، ئەمەیش ڕاستەوخۆ ئەو پەیامانەی لەوە بێبەری كردوە، كە پێشكەوتن و زانست وەک گۆڕانێكی ڕیشەیی كۆمەڵایەتی لێی بڕوانرێت، وەک ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی دین لە كۆمەڵگادا سەیری بكرێت، وەک چۆن لە سەردەمی ڕێنسانس و ڕۆشنگەری لە خۆرئاوا بەم شێوەیە شۆڕشی زانستی دەركەوت. كە ئەو شاعیرانە لە تەكیە و حوجرە و مزگەوتەكانەوە هاتبن و بەرهەمی ئەوان بن، ئەستەمە وا بە ئاسانی دژی دەسەڵاتی ئەو ناوەندانە لە كۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤدا بوەستنەوە.

كەسێتی مەلا كەسێتی جەماوەرییە كە تا ڕادەیەک بە بارگەیەكی ئەفسانەیی دەورە دراوە، بە هۆی پێگەی ئایینییەوە شتێكی لە پیرۆزیی تێدایە، لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە لە ئاستی مرۆڤی ئاسایی باڵاترە، هەر شتێک تەفسیر بكات، هەر ڕووداوێک شی بكاتەوە، باسی كڵۆڵییەكانی مرۆڤ بكات، تراژیدیاكانی ژیان بگێڕێتەوە، هەر وەک كارەساتە سروشتییەكان، دەیگەڕێنێتەوە بۆ حیكمەتی ئیلاهی، بۆیە هەر چەند لە ڕووكاردا وەک كەسێكی هۆشیار و دۆستی زانست دەربكەوێت، بەم سیفەتانەی بەردەوام عەقڵ و بیركردنەوەی مرۆڤ دەخاتە پەراوێزەوە، بۆیە شاعیرانی مەلا بەم خەسڵەتەوە هەر چەند بانگەوازی خوێندن و ڕووكردنە زانست

---

17- دیوانی موفتی پێنجوینی، ل٢٩٢.

18- دیوانی موفتی پێنجوێنی، ل١٥٤.

19- دیوانی موفتی پێنجوینی، ل١١١.

20- دیوانی موفتی پێنجوینی، ل٩٤.

بکەن، ناتوانن، سەروەربی بۆ عەقڵی مرۆڤ بگێڕنەوە و چالاکیی بیرکردنەوە و عەقڵانیەت بەگوڕ بکەن،

شاعیری مەلا گەر لە پەیامی شیعریشدا ڕادیکاڵ بێت، لە زەمینەی واقیعدا ناتوانێت ڕادیکاڵ بێت، ڕادیکاڵبوون، هەڵوێستی ڕاستەقینەیە لە ئاست ژیانی مرۆڤ، بەڵام شاعیری مەلا بە شێوەیەک لە شێوەکان و لە نەستی کۆدا نوێنەری ئایین و خوداوەندە. هەر چەند بەردەوام جەخت لە سیفەتی مرۆیبیان بکرێتەوە، وەک کەسێتییەکی خاوەن هێز و وزەی خودایی دەردەکەونەوە.

شاعیری مەلا کاتێک داوای خوێندن و ڕووکردنە زانست دەکات، وەک هەڵوێستێکی ئەخلاقی دەیبینێت نەک چالاکییەکی عەقڵی، واتە بۆ هۆکارێکی دەرەکی داوای شوێنکەوتنی زانست دەکات، نەک پرۆسەیەکی بیرکردنەوە کە مرۆڤ لە ناوەوە بۆ چالاکی و داهێنان هان بدات، بۆیە کاتێک ئەو پاڵنەرە دەرەکییە دەسەڵاتی لاواز دەبێت، پەیامەکانیش بە باشی ناگەنە جێ و بەهایان نامێنێت. بۆ نموونە کاتێک شاعیری مەلا داوا دەکات لە پێناو ڕزگاربوون لە ژێردەستی و گەیشتن بە کاروانی پێشکەوتنی گەلان، ڕوو بکەنە زانست، هەرکات مرۆڤی کورد لەگەڵ ژیانی ئاسایی ڕاهات و بۆی گرنگ نەبوو بە کاروانی پێشکەوتنی گەلان بگات، ئیتر گوێش بەم پەیامانە نادات.

ئەو پەیامانە دەبوو وزەی ناوەکییان لە ناخی مرۆڤدا وەک پێویستییەکی هەمیشەیی و هەتاهەتایی بتەقاندایەتەوە و مرۆڤ لە سەرسروشتێکی بیرکەرەوە کە هزرین و چالاکیی عەقڵی بەهای دیاری دەکات، نەک ئەوەی لە بەرخاتری شتێکی لە دەستچوو یان بەدیهێنانی شتێک بیر بکاتەوە و بە خوێندن و زانستەوە خەریک بێت، بۆ نموونە وەک لە وەڵامی مەلا قادری دێی ئارمردە دا لە بەشێکیدا موفتی پێنجوێنی دەڵێت:

دنیا بۆ خەڵکی ئێستە بەهەشتە
تۆش خۆراکی گاڵ، بەرگی جاو بەشتە
عالەم بە سنعەت چوون بۆ ئاسمان
تازە تۆ ئەگریت بۆ ئاخر زەمان؟
فەرمووتە کچان بۆ مەکتەب نەچن
کەی خوا فەرموویە خویندەوار نەبن؟
ئەوانیش وەک تۆ ئادەمیزادن
شەریکی پیاون، حوڕڕو ئازادن
ژنی وڵاتان بوون بە کاربەدەس
تۆش ئەمر ئەکەی بخرێنە قەفەس
نووسین بە کوردی تاکەی کوفرە لات
بۆچ لات ناخۆشە زبانی وڵات21

## ٦- بەهای کردار:

ئەم پەیامانەی شاعیر تەنها لە ئاستی قسەدا دەمێننەوە و نابن بە کردار، واتە شتانێک دەڵێت نەک هەر بە بیستنی کاردانەوە دروست ناکەن و کار ناخوڵقێنن، بەڵکوو تەنانەت خودی شاعیریش ئەو قسانە ناکاتە کردار، خۆیشی وا بیر ناکاتەوە و پێڕەویی لە بۆچوونەکانی خۆی ناکات، ئەمە نەک لە بەر ئەوەی شاعیر ناڕاستگۆ بێت، یان بەها بۆ بیرکردنەوەکانی خۆی دانەنێت، بەڵکوو لە بناغەوە شاعیر ناتوانێت ببێتە پاڵپشتی ئەو بەها و پەیامانە، لەو وڵاتانەی کە شاعیر داوا لە میللەتەکەی دەکات بۆ پێشکەوتن و زانست چاویان لێ بکەن، کەسێتیی شاعیر بە تەنها لە پشت ئەو ئایدیا و بیرکردنەوانەوە نییە، بەڵکوو جگە وزەیەکی گەورەی سیستم، هاوکات پەیمانگا و کۆمەڵەکانی زانست و دامەزراوەکانی ئەکادیمیا، لە پشت و تەنانەت خاوەنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکانەوەن: لەو شوێنانە کۆمپانیای گەورە و دامەزراوەی بەهێز پێداویستیی لۆژیکی و مەعنەوی بە لێکۆڵەر و بەرهەمی لێکۆڵینەوە دەبەخشن نەک تەنها قسەی ڕووت، ئەوانە هێز و پشتیوانی هەر توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکن نەک تەنها بە قسەی بێ کردار، بۆ نموونە لە کۆتایی شیعری (سەرنجێک) دا دەڵێت:

لەسەد یەک داخەکەم نەمدی کە جارێ بێتە بەرچاوم
لە دنیادا ئەوی فیکرو ئومێد و ئارەزووی من بوو
نەزانی خۆشە چونکوو بێمەراق و بێ خەم و دەردە
ئەوی دانایە وەک نەی وا بەجارێ جەرگی کونکون بوو
دەوای دەردی دڵت (موفتی) هەتا ئاخر نەفەس نابێ
تەرەققی قەومی غەربی سنعەت و تەحسیلی خوێندن بوو22

هەرلە کۆتایی شیعری (زانا بێنرخە) دا موفتی پێنجوێنی دەڵێت:

ئەی وەتەن با پێکەوە بگرین و قوڕپێوین بە جووت
هەردوو بێقەدرین لە سایەی شێخ و ئاغا و میرو خان
تۆ بەبێ دڵسۆز و من بێکەس ئەبێ چۆن سەرکەوین
با لەژێر پێدا بناڵین بێ پەنا و بێ پشتیوان
سەیری خەڵکی کەن بە عیلم و سنعەت و خوێندن هەموو
چوونە سەرئەرزی هەوا جەولان ئەکەن بۆ ئاسمان
کوردی بێچارە و نەزانیش هەربە سیحری تێنەگا
ڕادیۆ و تەیارە و ئاوازی سندوق و قەوان
(موفتی) خۆکوشتن لە ڕێی قەومی تاکوو بەکەی
هێندە سووتاوی لە قەهرا، پێت نەما هێزو تەکان23

لەم شەش خاڵەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بۆچی سەرەڕای بەهێزیی ئەو شەپۆلەی سەدەی بیست کە زۆربەی شاعیرانی کورد بەدەمییەوە چوون و شیعریان بە باڵای زانستدا دەگوت، کەچی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو.

21- دیوانی موفتی پێنجوینی، ل208.

22- دیوانی موفتی پێنجوینی، ل٢١٢.

23- دیوانی موفتی پێنجوینی، ل242.

## ئەنجام

(زانست و شیعر) کە ناونیشانی لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەییی شیکاری بوو لە هەوڵە ناکامەکانی موفتی پێنجوێنی بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، بەم ئەنجامانە گەییشت:

١- زانست و شیعر پێوەندییان پێکەوە هەیە، هەر دووکیان شێوەیەکی هۆشیاریی مرۆڤن، دەتوانن هاوکاریی یەک بکەن و پەیامی یەکتر بگەیەنن، بەڵام لە هەندێ جاریشدا لێک جودا دەبنەوە یاخود پێچەوانەی یەکترکار دەکەن.

٢- دەبێتە ئامۆژگاری ناتوانێت ئەو حەقیقەتەی دەیەوێت بەرهەمی بهێنێت، ناتوانێت فیکر بگەیەنێت. ئەوە سەلمێنراوە کە ئامۆژگاری کاریگەرییەکانی لە ڕووکار و سەرسامی و پەند و وتەیەکی بەنرخدا کە کاردانەوەکانی تەنها دەستخۆشی و ئافەرین و جوانت فەرمووە و ئەو جۆرە دەربڕینانەیە، نەک کاریگەرییەکانی قوڵ و ڕیشەیی بن و کاردانەوەکانی بریتین لە گۆڕانی کۆمەڵگا.

3- موفتی پێنجوێنی هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا دەدات، لە کاتێکدا بەو زمانە شیعرییە ناتوانێت ئەم پەیامە بگەیەنێت.

4- هەوڵەکانی موفتی پێنجوێنی ئامۆژگارییین نەک تیۆرین، خاسیەتەکانی ئامۆژگاری و تیۆری جودان.

5- پەیامی موفتی پێنجوێنی گەر بە کۆمەڵگا گەییشتبێت زۆر لاوازە، لەم ئاستەدا شیعر و کۆمەڵگا لە پێوەندییەکی نادیالێکتیکیدان.

## سەرچاوەکان


1- دوکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای جاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠١ .

2- دیوانی قانع، کۆکردنەوەی: بورهان قانع، بڵاوکەرەوەی پانیز، چاپخانەی داڵاهۆ، تاران، ٢٠٠٥.

3- دیوانی موفتی پێنجوێنی (مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦.

4- ت.ز. لاڤینم، از سقراط تا سارتر فلسفه برای همه، مترجم :پرویز بابایی، نوبت چاپ: 5، تهران، سال چاپ: 1391.

5- كارل ياسبرز، تاريخ الفلسفه بنظرة عالمية، نقله إلى العربية وقدم له: الدكتور عبدلغفار مكاوى. دار الثقافه للنشرو التوزيع، القاهرة، ٢٠٠٧.

6- سایتی ویکیبیدیا العربية: https://ar.wikipedia.org/wiki/